گوێدرێژێکی دەشتەکیم بەخشی بە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم

لە سەعبی کوڕی جەسامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: جارێکیان گوێدرێژێکی دەشتەکیم* بەخشی بە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-، ئەویش ڕەتی کردەوە، کاتێک دەموچاوی منی بینی (کە دڵتەنگم)، فەرمووی: «ئێمە ڕەتی ناکەینەوە تەنها بەهۆی ئەوە نەبێت کە ئێمە لە حاڵەتی ئیحرام داین». *(گوێدرێژی دەشتەکی: مەبەست ئەو گوێدرێژەیە کە لە دەرەوەی شارەکان دەژیت ڕەنگی ڕەش وسپییە ومەبەست گوێدرێژی خۆماڵی نییە کە پێی دەووترێت -کەر- چونکە خواردنی گۆشتی گوێدرێژی خۆماڵی -کەر- حەرامکراوە)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لە ڕەوشت جوانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەوە بوو کە هەوڵی ڕازیکردنی خەڵکی نەدەدا بە سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە، لەگەڵ ئەمەشدا بەردەوام دڵیانی هێور وئارام دەکردەوە، لە سەعبی کوری جەسامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە لایدا تێپەڕ بوو لەکاتێکدا لە حاڵەتی ئیحرام بەستن بوو، وسەعبی کوڕی جەسامە تیرهاوێژ وڕاکار بوو، کاتێک پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- تێپەڕ بوو گوێدرێژێکی دەشتەکی* بۆی ڕاو کرد، وگوێدرێژەکەی بۆی هێنا، بەڵام پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕەتی کردەوە، وئەمیش ناڕەحەت بوو بە لای سەعبەوە، چۆن پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دیاریەکەی ڕەتدەکاتەوە؟، دەموچاوی گۆڕا وکاتێک پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بینی دەموچاوی گۆڕا ویستی دڵی ئارام بکاتەوە ودڵنیایی پێببەخشێت بۆئەوەی خەفەت نەخوات، وپێی فەرموو تەنها لەبەرئەوە ڕەتی کردەوە چونکە لە حاڵەتی ئیحرامدایە، وکەسی موحریم نابێت هیچ شتێک لە ڕاو بخوات. *(گوێدرێژی دەشتەکی: مەبەست ئەو گوێدرێژەیە کە لە دەرەوەی شارەکان دەژیت ڕەنگی ڕەش وسپییە ومەبەست گوێدرێژی خۆماڵی نییە کە پێی دەووترێت -کەر- چونکە خواردنی گۆشتی گوێدرێژی خۆماڵی -کەر- حەرامکراوە)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5772